
ئەڵمانیا

# ئەوەی پێویستە لەبارەی ڕێسای بەڕێوەبردنی پەنابەری و کۆچ بیزانیت

جۆری A

## داواکارەکانی پارێزبەندیی نێودەوڵەتی




KURDISH (SORANI)

# ناوەڕۆک


بۆچی تۆ ئەم بڕۆشەرە وەدەگریت؟ 3

پارێزبەندیی نێودەوڵەتی چییە و کێ دەتوانێت وەریبگرێت؟ 3

ڕێسای بەڕێوەبردنی پەنابەری و کۆچ چییە؟ 4

شوێن گواستنەوە چییە؟ 5

مافەکانت لەکاتی چاوەڕوانیکردن بۆ بڕیاری ئەوەی کە کام وڵاتەی یەکێتیی ئەورووپا و هاوپەیوەستەکانی (EU+) پشکنین بۆ داوانامەکەت دەکات 6

لەکوێ دەمێنیتەوە لەکاتی چاوەڕوانیکردن بۆ بڕیاری ئەوەی کە کام وڵاتەی یەکێتیی ئەورووپا و هاوپەیوەستەکانی پشکنین بۆ داوانامەکەت دەکات؟ 8

لەم پرۆسەیەدا چاوەڕوانی چی لە تۆ دەکرێت؟ 8

دەبێت کام بەڵگەنامانە نیشان بدەیت؟ 9

بۆچی تۆ ناچاریت کە پەنجەمۆر و وێنەی خۆت پێشکەش بکەیت؟ 10

دەرئەنجامەکان چین ئەگەر پابەند نەبوویت بە بەرپرسیارێتییەکانت؟ 11

دەستبەسەرکردن بە واتای چی دێت؟ 12

ئایا دامودەزگاکان چۆن بڕیار لەسەر ئەوە دەدەن کە کام وڵاتەی یەکێتیی ئەورووپا و هاوپەیوەستەکانی پشکنین بۆ داوانامەکەت دەکات؟ 13

تۆ ڕەنگە چاوپێکەوتنت لەگەڵ بکرێت بۆ تێگەیشتن لەوەی کام وڵاتەی یەکێتیی ئەورووپا و هاوپەیوەستەکانی پشکنین بۆ داوانامەکەت دەکات 16

ئایا هەمیشە چاوپێکەوتن ئەنجام دەدرێت؟ 18

دەتوانیت چ بەڵگەیەک پێشکەش بکەیت بۆ سەلماندنی ئەوەی تۆ لە وڵاتێکی تری یەکێتیی ئەورووپا و هاوپەیوەستەکانی خێزانت هەیە؟ 19

پرۆسەکە ماوەی چەند دەخایەنێت؟ 20

ئەی چی دەبێت ئەگەر تۆ پێشتر داواکاریت بۆ پارێزبەندیی نێودەوڵەتی لە وڵاتێکی تری یەکێتیی ئەورووپا و هاوپەیوەستەکانی پێشکەش کردبێت؟ 21

کە بڕیارەکە درا چی ڕوودەدات؟ 22

چی ڕوودەدات ئەگەر تۆ بە بڕیاری گواستنەوەکە ڕازی نەبیت؟ 23

ئەوەی پێویستە بیزانیت لەبارەی ڕێوشوێنی تانەدان 24

چ داتایەکی کەسی کۆ دەکرێتەوە؟ 25

مافەکانی تۆ پەیوەست بە داتای کەسیی تۆ چین؟ 26

## بۆچی تۆ ئەم بڕۆشەرە وەردەگریت؟

تۆ لە یەکێک لە 31 وڵاتی یەکێتیی ئەوروپا و هاوپەیوەستەکانی داوای پارێزبەندیی نێودەوڵەتیت کردووە (کە بە پەنابەریش ناسراوە). ئەمە واتە تۆ ئێستا داواکارێکی پارێزبەندیی نێودەوڵەتیت. دەکرێت کە وڵاتێکی تری یەکێتیی ئەوروپا و هاوپەیوەستەکانی لە پشکنینی داوانامەکەت بەرپرسیار بێت. ئێستا تۆ چاوەڕوانی ئەو بڕیارە دەکەیت.

گرنگە کە لەوە تێبگەیت کە چۆن وڵاتانی یەکێتیی ئەوروپا و هاوپەیوەستەکانی هەماهەنگی دەکەن چونکە ئەمە دەکرێ کاریگەری لەسەر ئەوە دروست بکات کە کام وڵاتە داوانامەکەت دەپشکنێت.

هەموو زانیارییە پێویستەکان لەم بڕۆشەرەدا دەدۆزیتەوە.

## پارێزبەندیی نێودەوڵەتی چییە و کێ دەتوانێت وەریبگرێت؟



تۆ دەکرێ ئەوکاتە پێویستیت بە پارێزبەندیی نێودەوڵەتی هەبێت ئەگەر نەتوانیت بگەڕێیتەوە وڵاتی خۆت بەهۆی ترسی چەوساندنەوە یان ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسیی زیانی سەخت. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت، بۆ نموونە، کە ژیان یان ئازادیت لە مەترسیدا دەبن و دامودەزگاکانی وڵاتەکەت لەو مەترسییەی ڕووبەڕووی دەبیتەوە ناتپارێزن.

تۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی پارێزبەندیی نێودەوڵەتی لە بڕۆشەرێکی جیادا پێدەگات.

**تۆ ئێستا لە ئەڵمانیا کە وڵاتێکی +EUیە.**
**وڵاتەکانی یەکێتیی ئەوروپا و هاوپەیوەستەکانی ئەمانەن:**



27 وڵاتی ئەندامی یەکێتیی ئەوروپا: نەمسا، بەلجیکا، بولگاریا، کرواتیا، قوبرس، چیک، دانیمارک، ئیستۆنیا، فینلەندا، فەرەنسا، ئەڵمانیا، یۆنان، هەنگاریا، ئیتاڵیا، لاتڤیا، لیتوانیا، لوکسمبۆرگ، ماڵتا، هۆڵەندا، پۆڵەندا، پورتوگاڵ، کۆماری ئیرلەندا، ڕۆمانیا، سلۆڤاکیا، سلۆڤینیا، ئیسپانیا، سوید و



4 وڵاتی دیکە: ئایسلاندا، لیختنشتاین، نەرویج، سویسرا.

## رێسای بەڕێوەبردنی پەنابەری و کۆچ چییە؟




وڵاتانی یەکێتیی ئەوروپا و هاوپەیوەستەکانی لەسەر یاسایەکی هاوبەش ڕێککەوتوون کە پێی دەوترێت ڕێسای بەڕێوەبردنی پەنابەری و کۆچ (AMMR). ئەم یاسایە یارمەتی وڵاتانی یەکێتیی ئەوروپا و هاوپەیوەستەکانی دەدات بۆ بڕیاردان لەسەر ئەوەی کام وڵاتە بەرپرسە لە پشکنینی داوانامەی پارێزبەندیی نێودەوڵەتی. ئەم یاسایە هەروەها ڕێگە بە وڵاتانی یەکێتیی ئەوروپا و هاوپەیوەستەکانی دەدات کە یارمەتی یەکتر بدەن ئەگەر وڵاتێک داوانامەی زۆری لە یەک کاتدا پێگەیشت.

ئەوا تۆ دڵنیایی ئەوەت پێدەدرێت کە یەکێک لە وڵاتانی یەکێتیی ئەوروپا و هاوپەیوەستەکانی سەیری داوانامەکەت دەکات بەڵام تۆ ناتوانیت ئەو وڵاتەی یەکێتیی ئەوروپا و هاوپەیوەستەکانی هەڵبژێریت بۆ ئەوەی بەرپرسیار بێت. ئەو وڵاتەی کە داوانامەکەت دەپشکنێت بەپێی بنەماکانی یاسای ڕێسای بەڕێوەبردنی پەنابەری و کۆچ (AMMR) بڕیاری لەسەر دەدرێت.



ئەگەر هەر شتێک لەم بڕۆشەرەدا هەبوو کە تێینەگەیت، ئەوا دەتوانیت داوای ڕوونکردنەوە لە ئەفسەری کۆچ بکەیت.

لە ئێستادا، وڵاتانی یەکێتیی ئەوروپا و هاوپەیوەستەکانی تەنها بڕیار لەسەر ئەوە دەدەن کە کامیان لە پشکنینی داوانامەکەت بەرپرسە.

ئەگەر بڕیار لەسەر ئەوە درا کە وڵاتێکی یەکێتیی ئەوروپا و هاوپەیوەستەکانی لە پشکنینی داوانامەکەت بەرپرسە، ئەوا تۆ بۆ ئەو وڵاتە دەگوازرێیتەوە.

## شوێن گواستنەوە چییە؟



یەکێک لە ڕێگاکانی یارمەتیدانی یەکتر لەلایەن وڵاتە ئەوروپییەکان بریتییە لە هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی بۆ:

- ئەو داواکارانەی کە ئێستا لە وڵاتێکی تری ئەوروپی دەژین
- ئەو کەسانەی کە ئەم دواییە پارێزبەندیی نێودەوڵەتییان لە وڵاتێکی تری ئەوروپی پێبەخشراوە.

ئەمە ناسراوە بە شوێن گواستنەوە.

ئەگەر بیر لە تۆ کرایەوە بۆ شوێن گواستنەوە، ئەوا بڕۆشەرێک وەردەگریت کە زانیاریی زیاتری لەسەر ئەم پرۆسەیە تێدایە لەناویشیاندا ئەو وڵاتە ئەوروپیانەی کە لە شوێن گواستنەوە بەشدارن بە ناونیشانی '**ئەوەی پێویستە لەبارەی شوێن گواستنەوە بیزانیت**'.

**گرنگ!** ئەگەر تۆ بۆ شوێن گواستنەوە دیاری کرایت، ئەوا تۆ ناتوانیت ئەو وڵاتە هەڵبژێریت کە بۆی دەگوازرێیتەوە.

## مافەکانت لەکاتی چاوەڕوانیکردن بۆ بڕیاری ئەوەی کە کام وڵاتەی یەکێتیی ئەوروپا و هاوپەیوەستەکانی پشکنین بۆ داوانامەکەت دەکات



ئەگەر تۆ یەکەم جارە داواکاریی بۆ پارێزبەندیی نێودەوڵەتی پێشکەش دەکەیت، ئەوا مافی ئەوەت هەیە کە **ڕاوێژی یاسایی** بێبەرامبەرت هەبێت. تۆ دەتوانیت هەرکاتێک داوای ئەمە لە دامودەزگاکان بکەیت.

ڕاوێژکاری یاسایی لەبارەی مافەکانت ئاگادارت دەکاتەوە و لە ماوەی پرۆسەکەدا پاڵپشتیت دەکات. ئەگەر تۆ خۆی پارەت بۆ بەکرێگرتنی ڕاوێژکاری یاسایی داوە، دامودەزگاکان ڕەنگە ئەوکات ڕاوێژی یاسایی بێبەرامبەرت بۆ دابین نەکەن. ڕاوێژی یاسایی ڕەنگە لە ڕێکخستنێکی بەکۆمەڵ پێشکەش بکرێت بەڵام ڕاوێژکار زانیاریی تایبەتی تۆ لەگەڵ کەسانی تر هاوبەش ناکات.

دەتوانیت داوای ڕاوێژکاریی یاسایی بکەیت لە ڕێگەی پەیوەندیکردن بە فەرمانگەی فیدراڵی بۆکۆچ و پەنابەران (BAMF). ئەمەش بەم ڕێگایانەی خوارەوە دەکرێت: لە ڕێگەی پۆستەوە بۆ ئەو سەنتەری ZBVەی کە بەرپرسە لێت، یان لە ڕێگەی ئیمەیڵەوە بۆ service@bamf.bund.de.



تۆ دەتوانیت داوای وەرگێڕ و ئەفسەری دۆسیەی پیاو یان ئافرەت بکەیت ئەگەر ئەمە قسەکردن لەبارەی بارودۆخەکەت بۆ تۆ ئاسانتر دەکات. دامودەزگاکان ڕێز لە ویستی تۆ دەگرن ئەگەر بگونجێت.



تۆ هەروەها مافی ئەوەت هەیە داوای زانیاریی نوێ بکەیت لەسەر ڕێوشوێنی بڕیاردان لەسەر ئەو وڵاتەی یەکێتیی ئەورووپا و هاوپەیوەستەکانی کە داوانامەکەت دەپشکنێت. ئەگەر دەتەوێت داوای زانیاریی نوێ بکەیت، دەتوانیت بە ئاماژەدان بە ژمارەی دۆسیەکەت پەیوەندی بە فەرمانگەی فیدراڵی بۆ کۆچ و پەنابەران (BAMF) بکەیت. ئەمەش بەم ڕێگایانەی خوارەوە دەکرێت: لە ڕێگەی پۆستەوە بۆ ئەو سەنتەری ZBVەی کە بەرپرسە لێت، یان لە ڕێگەی ئیمەیڵەوە بۆ service@bamf.bund.de.





تۆ مافی ئەوەت هەیە کە پەیوەندی و گفتوگۆت لەگەڵ ئاژانسی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران (UNHCR) هەبێت لە هەر هەنگاوێکی ڕێوشوێنی پەنابەریدا.

UNHCR بەرژەوەندی و مافەکانی پەناخوازان و پەنابەران دەپارێزێت .

وردەکارییەکانی پەیوەندی و زانیاریی UNHCR لەسەر ڕێکاری پەنابەری لە ماڵپەڕی UNHCR دەست دەکەوێت: https://help.unhcr.org.

**تۆ دەتوانیت زانیاریی زیاتر لەبارەی ئەو پاڵپشتی و خزمەتگوزارییانەی وەریاندەگریت لە بڕۆشەرێکی جیادا ببینیت.**

## لەکوێ دەمێنیتەوە لەکاتی چاوەڕوانیکردن بۆ بڕیاری ئەوەی کە کام وڵاتەی یەکێتیی ئەوروپا و هاوپەیوەستەکانی پشکنین بۆ داوانامەکەت دەکات؟



- تۆ ناچاریت بۆ ئێستا لەم وڵاتەدا بمێنیتەوە.
- ڕێگە پێدراویت بچیتە وولاتێکی دیکەی یەکێتیی ئەوروپا ئەگەر مۆڵەتت پێدرابوو بۆ کردنی ئەوە لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە.
- ئەگەر دامودەزگاکان بڕیاریان دا کە وڵاتێکی تری یەکێتیی ئەوروپا و هاوپەیوەستەکانی داوانامەکەت دەپشکنێت، ئەوا دامودەزگاکان گەشتەکەت بۆ ئەو وڵاتە ڕێکدەخەن.

## لەم ڕێوشوێنەدا چاوەڕوانی چی لە تۆ دەکرێت؟

تۆ دەبێت:

- لەم وڵاتە بمێنەوە لەکاتێکدا داوانامەکەت تۆمار دەکرێت.
- ئەگەر تۆ ڤیزا یان مۆڵەتی مانەوەت لە ڕابردوودا بۆ دەرکراوە، ئەوا لەو وڵاتە داوای پەنابەرێتی پێشکەش بکە کە بۆیان دەرکردوویت هەرکە گەیشتیتە وێ.
- هەموو بەڵگەنامەکانی پێناس کە لاتن بۆ سەلماندنی ناسنامەی تۆ پێشکەش بکەیت. ئەگەر تۆ بەڵگەنامەیەکی پێناست لابووە بەڵام چیتر پێت نەماوە، ئەوا دەبێت هێشتا ئەمە بە دامودەزگاکان ڕابگەیەنیت کە تۆ لە ڕابردوودا لەلایەن حکومەتی وڵاتی خۆت دانەیەکت پێدراوە.
- با دامودەزگاکان ئاگاداری هەرکاتێک بن کە تۆ بۆ وڵاتێکی تری (+EU) گەشتت کردووە.
- ئەوە بە دامودەزگاکان ڕابگەیەنە ئاخۆ تۆ بەبێ مۆڵەت لە وڵاتێکی (+EU) ماویتەوە.
- دامودەزگاکان سەبارەت بە هەر خێزانێکی نزیک کە تۆ لە وڵاتێکی تری یەکێتیی ئەوروپا و هاوپەیوەستەکانی هەتە ئاگادار بکەوە.

**گرنگ!** تۆ بەپێی یاسا ناچاریت کە پەنجەمۆری خۆت پێشکەش بکەیت و وێنەی فۆتۆگرافیت بگیرێت.

## دەبێت کام بەڵگەنامانە نیشان بدەیت؟

هەموو بەڵگەنامەکان کە لاتن لەگەڵ دامودەزگاکان هاوبەش بکە کە پەیوەستن بە:




- پێناسی تۆ (بڕوانامەی لەدایکبوون، پاسپۆرت، کارتی ناسنامە)




- ئەندامانی خێزانی نزیک لە وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا و هاوپەیوەستەکانی (بەڵگەنامە فەرمییەکان، بەڵگەی ئەوەی کە پەیوەندیتان هەیە).




- مانەوەی پێشوو لە وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا و هاوپەیوەستەکانی (لەسەر بنەمای مۆڵەتی مانەوە، ڤیزا یان بەدەستهێنانی دبلۆمی قوتابخانە یان زانکۆ).


ئەم زانیارییانە بە زووترین کات دابین بکە. بەم شێوەیە، وڵاتی یەکێتیی ئەورووپا و هاوپەیوەستەکانی کە لە داوانامەکەت بەرپرسیارە بەخێرایتر دەستنیشان دەکرێت.

## بۆچی پێویستە پەنجەمۆر بدەیت و وێنەت بگیردرێت؟



دامودەزگاکانی ئەم وڵاتە پەنجەمۆر و وێنەی تۆ وەردەگرن. ئەم داتایە، بەیەکەوە لەگەڵ زانیارییەکانت لەسەر ناسنامە و زانیاریی پەیوەندیداری تر، بۆ داتابەیسێکی هاوبەشی ئەورووپی بەناوی Eurodac دەگوازرێتەوە.

ئەم داتابەیسە لەلایەن هەر 31 وڵاتی یەکێتیی ئەورووپا و هاوپەیوەستەکانی بەکار دەهێنرێت و دەتوانن داتای تۆ پێواژۆ بکەن و زانیاریی تۆ وەربگرن. ئەگەر تۆ بۆ وڵاتێکی تری یەکێتیی ئەورووپا و هاوپەیوەستەکانی بەبێ مۆڵەت بار بکەیت و دووبارە پەنجەمۆرەکانت وەربگیرێنەوە، ئەوا هەموو ئەو داتایەی کە لە Eurodacدا هەڵگیراوە لەلایەن دامودەزگاکانی ئەو وڵاتەوە دەبینرێت.



زانیاریی زیاتر لەسەر داتابەیسی Eurodac لە برۆشەرێکی جیادا پێشکەش کراوە.

## دەرئەنجامەکان چین ئەگەر پابەند نەبوویت بە بەرپرسیارێتییەکانت؟



ئەگەر تۆ لەگەڵ دامودەزگاکان هاوکار نەبیت، ئەمە دەرەنجامی نەرێنی بۆ داوانامەکەت لێدەکەوێتەوە.

ئەگەر تۆ پەنجەمۆری خۆت نەدەیت، دامودەزگاکان ڕەنگە بەو ئەنجامە کۆتایی پێبێنن کە تۆ چیتر ئارەزوومەندی پەنابەری نیت لە ئەوروپا. ئەمە پشکنینی داوانامەکەت ڕادەگرێت، کە بەو واتایە دێت تۆ چیتر مافی مانەوەت لەو وڵاتە نییە.




ئەگەر تۆ بۆ وڵاتێکی تری (EU+) بەبێ مۆڵەت گەشت بکەیت یان دواکاری بۆ پارێزبەندیی نێودەوڵەتی لە وڵاتێکی تری یەکێتیی ئەوروپا و هاوپەیوەستەکانی پێشکەش کردبێت، ئەوا تۆ پێدەچێت بۆ ئەو وڵاتەی یەکێتیی ئەوروپا و هاوپەیوەستەکانی بگەڕێندرێیتەوە کە بەرپرسە لە پشکنینی داوانامەکەت.

ئەگەر تۆ لە وڵاتێکی (EU+)دایت کە ئەو وڵاتە نییە کە داواکراوە لێی بیت، ئەوا ئازادیی تۆ ڕەنگە سنووردار بکرێت و ڕەنگە پاڵپشتیی کەمتر وەربگریت.

## دەستبەسەرکردن بە واتای چی دێت؟

دەستبەسەرکردن بەو مانایە دێت کە دەخرێیتە ناوەندێکی دیاریکراو کە ناتوانیت بەئازادانە بڕۆیتە دەرەوە. دەبێت دامودەزگاکان هۆکارێکی ڕەوایان هەبێت بۆ دەستەبەسەرکردنت. ئەوان دەبێت لەوە دڵنیا ببنەوە کە هیچ بژاردەیەکی دیکە شیاو نییە لە دۆسیەکەتدا. دامودەزگاکان بارودۆخی کەسیی تۆ بەر لە بڕیاردان هەڵدەسەنگێنن.  دەکرێت هۆکارەکانی دەستبەسەرکردن ئەمانە بن، بۆ نموونە:



- لایەنە گرنگەکانی داوانامەی پەنابەرێتی (بۆ نموونە پێناسی تۆ) ناکرێ بەبێ دەستبەسەرکردن پشتڕاست بکرێنەوە.
- تۆ ڕێزت لە بەرپرسیارێتی مانەوە لە شوێنێکی دیاریکراو نەگرتووە، یان مەترسیی ئەوە هەیە دووبارە ڕابکەیتەوە و دامودەزگاکان دەستیان پێت نەگات
- تۆ بڕیارت پێگەیشتووە کە بۆ ئەو وڵاتەی یەکێتیی ئەورووپا و هاوپەیوەستەکانی بگوازرێیتەوە کە لە پشکنینی داوانامەی پەنابەرێتیت بەرپرسیارە و مەترسیی ئەوە هەیە کە تۆ بەر لە گواستنەوە ڕابکەیت.
- مەترسیی ئاسایش دروست دەکەیت.

ئەگەر دەستبەسەر بیت، ئەوا دەتوانیت تانە لە بڕیارەکە بدەیت و دەتوانیت داوای یارمەتیی یاسایی و نوێنەرایەتیکردنی بێبەرامبەر بکەیت.

**گرنگ!** ئەگەر تۆ بۆ وڵاتێکی تری (EU+) بەبێ مۆڵەت گەشت بکەیت، ئەوا ئەمە مەترسیی ئەوە زیاد دەکات کە تۆ لە داهاتوودا دەستبەسەر بکرێیت.

## ئایا دامودەزگاکان چۆن بڕیار لەسەر ئەوە دەدەن کە کام وڵاتەی یەکێتیی ئەوروپا و هاوپەیوەستەکانی پشکنین بۆ داوانامەکەت دەکات؟

ئەگەر ئەمە یەکەم داواکاریی تۆ بێت بۆ پارێزبەندیی نێودەوڵەتی لە وڵاتێکی یەکێتیی ئەوروپا و هاوپەیوەستەکانی، ئەوا چەند هۆکارێک هەیە کە وڵاتێکی دیاریکراوی یەکێتیی ئەوروپا و هاوپەیوەستەکانی لە پشکنینی داوانامەکەت بەرپرسیار دەبێت.

### 1) پەیوەندیی خێزانی



یەکەم و گرنگترین هۆکار ئەوەیە کە ئەندامێکی خێزانی نزیک پێشتر پارێزبەندیی نێودەوڵەتی پێبەخشراوە یان ئێستا داواکاریی بۆ پارێزبەندی نێودەوڵەتی پێشکەش دەکات لە وڵاتێکی تری یەکێتیی ئەوروپا و هاوپەیوەستەکانی، و تۆش دەبێت لەگەڵ ئەوان یەکبگریتەوە بەر لەوەی داوانامەکەت بۆ پارێزبەندیی نێودەوڵەتی بپشکنرێت.

ئەمانە بە ئەندامانی خێزانی نزیک دادەنرێن:

- مێرد یان ژنی تۆ
- هاوبەشی تۆ کە هێشتا هاوسەگیریتان نەکردووە و پەیوەندییەکی جێگیرتان هەیە
- منداڵەکەت (خوا 18 ساڵ و هاوسەرگیری نەکردووە).

ⓘ **گرنگ!** تۆ دەبێت بتوانیت بە زووترین کات بیسەلمێنیت کە لەگەڵ ئەو کەسە پەیوەندیت هەبووە پێش ئەوەی بێیتە ناو هەرێمی وڵاتانی یەکێتیی ئەوروپا و هاوپەیوەستەکانی. ئەم ماوەیە دەکرێ گەشتەکەشت لە وڵاتی نیشتمانەوە بگرێتەوە.

ئەگەر تۆ ئەندامێکی خێزانت هەیە و لە وڵاتێکی تری یەکێتیی ئەوروپا و هاوپەیوەستەکانی دەژیت، باشترین ڕێگا بۆ دابینکردنی زانیاری بریتییە لە پڕکردنەوەی فۆڕمێک بە ناوی '**نموونەی شوێنهەڵگرتنی خێزان**'. ئەگەر تۆ ئەندامێکی خێزانت هەیە کە لە وڵاتێکی تری یەکێتیی ئەوروپا و هاوپەیوەستەکانیدا دەژیت و تۆ هێشتا ئەم فۆڕمەت پێنەگەیشتووە، ئەوا لەگەڵ ئەفسەرێک یان ڕاوێژکاری یاسایی خۆت قسە بکە. ئەوان دەتوانن کە لە پڕکردنەوەی فۆڕمەکەدا یارمەتیت بدەن.

تۆ دەتوانیت زانیاریی پڕوردەکاریتر لەسەر ئەگەری یەکگرتنەوە لەگەڵ ئەندامانی خێزان لەو بەشەدا بدۆزیتەوە بە ناونیشانی '**دەتوانیت چ بەڵگەیەک پێشکەش بکەیت بۆ سەلماندنی ئەوەی تۆ لە وڵاتێکی تری یەکێتیی ئەوروپا و هاوپەیوەستەکانی خێزانت هەیە؟**'

## 2) مۆڵەتی چوونە ناو وڵاتێکی دیاریکراوی یەکێتیی ئەورووپا و هاوپەیوەستەکانی

وڵاتێکی یەکێتیی ئەورووپا و هاوپەیوەستەکانی دەکرێ لە پشکنینی داوانامەکەت بەرپرسیار بێت ئەگەر:




- تۆ ڤیزا یان مۆڵەتی مانەوەت لە وڵاتێکی دیاریکراوی یەکێتیی ئەورووپا و هاوپەیوەستەکانی هەیە.
- تۆ چوویتە ناو وڵاتێکی یەکێتیی ئەورووپا و هاوپەیوەستەکانی کە تێیدا ڕێگەت پێدراوە بەبێ ڤیزا بچیتە ناوی چونکە وڵاتی نیشتمانی تۆ ڕێککەوتنی لەگەڵ ئەو وڵاتە هەیە.

## 3) بڕوانامە و دبلۆمی خوێندن



- تۆ بڕوانامە یان دبلۆمت پێبەخشراوە دوای خوێندنی ڕووبەڕوو لە ناوەندێکی خوێندن لە وڵاتێکی یەکێتیی ئەورووپا و هاوپەیوەستەکانی بۆ ماوەی لانیکەم یەک ساڵی خوێندن.

## 4) چوونەناوەی نایاسایی بۆ وڵاتێکی دیاریکراوی یەکێتیی ئەورووپا و هاوپەیوەستەکانی

وڵاتێکی تری یەکێتیی ئەورووپا و هاوپەیوەستەکانی دەکرێ لە پشکنینی داوانامەکەت بەرپرسیار بێت ئەگەر:



- تۆ سنووری دەرەکیی یەکێک لە وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا و هاوپەیوەستەکانیت بەبێ مۆڵەت بڕیوە.



- تۆ لە دەریا لەلایەن دامودەزگاکانی وڵاتێکی یەکێتیی ئەورووپا و هاوپەیوەستەکانی لە کاتی گەشتکردنت بۆ ئەورووپا ڕزگار کراویت



- تۆ داواکاریت بۆ پارێزبەندیی نێودەوڵەتی لە ناوچەی ترانزێتی فڕۆکەخانەی یەکێک لە وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا و هاوپەیوەستەکانی پێشکەش کردووە.

## 5) یەکگرتنەوەی چاودێریکەر و ئەندامی خێزانی ناسەربەخۆ

تۆ پشت دەبەستیت بە چاودێریکردنی ئەندامێکی خێزان کە لە وڵاتێکی تری یەکێتیی ئەوروپا و هاوپەیوەستەکانیدایە (EU+) یان ئەندامێکی خێزانت لە وڵاتێکی تری یەکێتیی ئەوروپا و هاوپەیوەستەکانی هەیە کە پشت بە چاوێری تۆ دەبەستێت.



ئەندامی خێزانی ناسەربەخۆ دەکرێ پێویستی بە یارمەتی هەبێت بەهۆی:

- دووگیانی
- هەبوونی منداڵی تازەلەدایکبوو
- نەخۆشیی سەختی دەروونی یان جەستەیی
- کەمئەندامێتیی سەخت
- زەبری دەروونیی سەخت
- تەمەنی زۆر.

لە حاڵەتەکانی پشتپێبەستندا، تۆ دەبێت بتوانیت ئەوە نیشان بدەیت کە تۆ دەتوانیت چاودێری بۆ کەسێکی کە پشتت پێ دەبەستێت دابین بکەیت یان ئەو ئەندامەی خێزانەکەت بتوانێت چاودێری تۆ بکات.

## 6) هۆکاری مرۆیی

هۆکاری مرۆیی هەیە کە بۆچی وڵاتی دیاریکراوی یەکێتیی ئەوروپا و هاوپەیوەستەکانی دەکرێ داوانامەکەت بپشکنن. ئەمە دەکرێ لەسەر ئەم بنەمایانەی خوارەوە بێت:

- ڕەچاوکردنی خێزانی
- ڕەچاوکردنی کۆمەڵایەتی
- ڕەچاوکردنی کەلتووری.

وڵاتێکی تری یەکێتیی ئەوروپا و هاوپەیوەستەکانی دەکرێ داوای لێبکرێ کە داوانامەکەت لەبەر هۆکارەکانی سەرەوە بپشکنێت بەڵام بڕیاری کۆتایی دەکەوێتە سەر دامودەزگای ئەو وڵاتە.

## تۆ ڕەنگە چاوپێکەوتنت لەگەڵ بکرێت بۆ تێگەیشتن لەوەی کام وڵاتەی یەکێتیی ئەورووپا و هاوپەیوەستەکانی پشکنین بۆ داوانامەکەت دەکات

ئەگەر ئەمە یەکەم جارتە کە داواکاریی بۆ پەنابەرێتی پێشکەش دەکەیت، ئەوا دامودەزگاکان دەبێت چاوپێکەوتنێکی کەسی ڕێکبخەن.

**گرنگ!** ئەمە بۆ چاوپێکەوتنی پەنابەری نییە. چاوپێکەوتنەکە بە ئامانجی دیاریکردنی ئەوەیە کە کام وڵاتی یەکێتیی ئەورووپا و هاوپەیوەستەکانی دەبێت داوانامەی تۆ بپشکنێت.

**ئەم چاوپێکەوتنە چوار ئامانجی سەرەکی هەیە:**

- کۆکردنەوەی زانیاری کە یارمەتی دامودەزگاکان دەدات بڕیار لەسەر وڵاتی بەرپرسیار لەناو یەکێتیی ئەورووپا و هاوپەیوەستەکانی بدات
- تا تۆ هەر پرسیارێک بکەیت لەبارەی ئەوەی چۆن ڕێوشوێنی یەکلاییکردنەوەی وڵاتی بەرپرسی یەکێتیی ئەورووپا و هاوپەیوەستەکانی ئەنجام دەدرێت.
- تا تۆ پرسیار لەبارەی هەر زانیارییەک لەناو ئەم بڕۆشەرەدا بکەیت
- پرسیارکردن لە تۆ ئاخۆ هیچ هۆکارێک هەیە کە بۆچی تۆ نابێت بۆ وڵاتێکی تری یەکێتیی ئەورووپا و هاوپەیوەستەکانی بگوازرێیتەوە یان بۆچی دەبێت ڕێگەت پێبدرێت لەم وڵاتە بمێنیتەوە.

چاوپێکەوتنەکە بە زمانێک دەبێت کە تۆ بەباشی لێی تێبگەیت.



هیچکام لەو زانیارییانەی کە تۆ پێشکەشیان دەکەیت لەگەڵ حکومەت یان دامودەزگاکانی وڵاتی نیشتمانی تۆ هاوبەش ناکرێن.

ئەگەر شتێک لە کاتی چاوپێکەوتنەکەدا هەبێت کە ڕوون نەبێت، ئەوا دەتوانیت پرسیار بکەیت. گرنگە بۆ هەریەکە لە تۆ و ئەفسەرەکە کە لە هەموو شتێک تێبگەن، بۆیەش هەمیشە پێشوازی لە پرسیارکردن دەکرێت.



دەنگی چاوپێکەوتنەکە تۆمار دەکرێت و تۆ پوختەیەکی نووسراوت لەوەی وتراوە نیشان دەدرێت.

ئەگەر، دوای وەرگرتنی پوختەی نووسراوی چاوپێکەوتنی کەسیی تۆ، پێت وابێت کە هەر زانیارییەک نادروست بێت و بتەوێت دەستکاری بکرێت، ئەوا دەتوانیت داوای ئەمە بکەیت.

تکایە ڕاستەوخۆ قسە لەگەڵ ئەو فەرمانبەرانە بکە کە چاوپێکەوتنەکەیان لەگەڵت ئەنجام داوە.

ئەگەر پێویست بێت، تۆ هێشتا دەتوانیت بەڵگەنامەی تر دوای چاوپێکەوتنەکە پێشکەش بکەیت یان هۆکارەکان باس بکەیت کە بۆچی تۆ نابێت بۆ وڵاتێکی تری یەکێتیی ئەوروپا و هاوپەیوەستەکانی بگوازرێیتەوە.

ئەگەر تۆ هێشتا زانیاری یان بەڵگەنامەت لایە کە هێشتا پێشکەشت نەکردوون، ئەوا دەبێت پێشکەشی دامودەزگاکانی بکەیت.

دەتوانیت لە ڕێگەی پۆست یان ئیمەیڵ بۆ service@bamf.bund.de پەیوەندی بە فەرمانگەی فیدراڵی بۆ کۆچ و پەنابەران (BAMF) بکەیت.

## ئایا هەمیشە چاوپێکەوتن ئەنجام دەدرێت؟

ئەگەر ئەمە یەکەم جارتە کە داواکاریی بۆ پەنابەرێتی پێشکەش دەکەیت، ئەوا دامودەزگاکان هێشتا دەتوانن بڕیار بدەن چاوپێکەوتنی کەسی ئەنجام نەدەن ئەگەر:

- ئەو وڵاتەی یەکێتیی ئەورووپا و هاوپەیوەستەکانی کە لە پشکنینی داوانامەکەت بەرپرسیارە پێشتر زانرابێت کوێیە
- ئەوان خۆی زانیاریی پێویستیان بۆ بڕیاردان لەسەر ئەو وڵاتەی یەکێتیی ئەورووپا و هاوپەیوەستەکانی هەبێت کە لە پشکنینی داواکارییەکەت بەپرسیارە
- تۆ پێشتر بۆ چاوپێکەوتنێک نەچووبیت بەبێ ئەوەی دامودەزگاکان لەبارەی هۆکاری ئامادەنەبوونت ئاگادار کردبێتەوە
- تۆ پەیوەندیت لەگەڵ دامودەزگاکان نەمابێت.

ئەگەر چاوپێکەوتنەکە ڕێکنەخرابێت، ئەوا تۆ دەتوانیت داوای چاوپێکەوتنێک بکەیت. ئەگەر ئەفسەرەکان پێیان وابێت کە زانیاریی پێویستیان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دۆسیەکەت هەیە، ئەوا دەتوانن ئەم داواکارییە ڕەت بکەنەوە و بەڵام دەبێت هۆکاری خۆیان بۆ ئەنجام نەدانی چاوپێکەوتنەکە پێشکەش بکەن.

تکایە بە ئاماژەدان بە ژمارەی دۆسیەکەت پەیوەندی بە فەرمانگەی فیدراڵی بۆ کۆچ و پەنابەران (BAMF) بکە. ئەمەش بەم ڕێگایانەی خوارەوە دەکرێت: لە ڕێگەی پۆستەوە بۆ ئەو سەنتەری ZBVەی کە بەرپرسە لێت، یان لە ڕێگەی ئیمەیڵەوە بۆ service@bamf.bund.de.

## دەتوانیت چ بەڵگەیەک پێشکەش بکەیت بۆ سەلماندنی ئەوەی تۆ لە وڵاتێکی تری یەکێتیی ئەوروپا و هاوپەیوەستەکانی خێزانت هەیە؟

باشترین ڕێگای پێشکەشکردنی زانیاری لەسەر ئەندامی خێزانەکەت بریتییە لە پڕکردنەوەی فۆڕمی **'نموونەی شوێنهەڵگرتنی خێزان'**.

سەرباری ئەمە، هەر بەڵگەنامەیەکی فەرمیی حکومی کە پەیوەندییەکەت دەسەلمێنێت پێشکەشی بکە. تۆ هەروەها دەتوانیت جۆرەکانی تری بەڵگە پێشکەش بکەیت، بۆ نموونە بەڵگەی نیشاندانی ئەوەی تۆ پەیوەندیت لەگەڵ ئەندامی خێزانەکەت ماوە وەکوو وێنە، ئیمەیڵ یان نامەی دەق.



ئەگەر تۆ هیچ بەڵگەیەکت لەبارەی پەیوەندییەکەتان نەبێت، ئەوا دامودەزگاکان دەکرێ داوای پشکنینی DNA بکەن بۆ سەلماندنی ئەوەی پەیوەندیتان هەیە.

تۆ دەتوانیت تەنها ئەوکاتە لەگەڵ ئەندامی خێزانەکەت یەکبگریتەوە ئەگەر هەردووکتان بە نووسراو ئەوە ڕابگەیەنن کە دەتانەوێت بەیەکتر شاد ببنەوە. تۆ دەبێت هەوڵ بدەیت ئەم بەڵگەنامەیە بە ئینگلیزی پێشکەش بکەیت ئەگەر بتوانیت.

بە زووترین کات دەست بە ئامادەکردنی ئەم زانیارییە بکە.



ئەگەر پرسیاری زیاتر هەبوو یان پێویستیت بە ئامۆژگاری هەبوو لەسەر پرۆسەی یەکگرتنەوەی خێزان، ئەوا دەتوانیت داوای یارمەتی لە ڕاوێژکاری یاسایی بکەیت.

ئەگەر ئەندامێکی خێزانەکەت لە وڵاتێکی تری یەکێتیی ئەوروپا و هاوپەیوەستەکانی بێت بەڵام تۆ پەیوەندیت لەگەڵ پچڕابێت، ئەوا ڕێکخراو هەن کە دەتوانن لە دۆزینەوەی یارمەتیت بدەن.

## پرۆسەکە ماوەی چەند دەخایەنێت؟



پەیوەندیکردنی نێوان وڵاتان بەگشتی لەنێوان **1 مانگ و نیو** بۆ **3 مانگ** دەخایەنێت، بەڵام ئەمە **دەکرێ زیاتریش بخایەنێت** بەپێی دۆسیەکەت.



ئەگەر وڵاتێکی تری (EU+) ئەوەی پشتڕاست کردەوە کە داوانامەی تۆ دەپشکنێت، ئەوا تۆ **لە ماوەی 6 مانگ** لە ڕێکەوتی ئەوەی کە داواکارییەکەتیان بۆ گواستنەوەت پەسند کردووە دەگوازرێیتەوە.





ئەگەر داواکارییەکەت لەبەر ئەوە بوو چونکە تۆ ئەندامێکی خێزانت لە وڵاتێکی تری یەکێتیی ئەورووپا و هاوپەیوەستەکانی هەبێت، ئەوا گواستنەوەکە **وەک پێشەنگی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت**



ئەگەر تۆ ئێستا **دەستبەسەریت یان لە داهاتوودا دەستبەسەر دەبیت،** ئەوا دۆسیەکەت **بەپەلە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت**. گواستنەوەی تۆ دەبێت لە ماوەی **5 هەفتەدا** ڕێکبخرێت. ئەگەر گواستنەوەکە لە ماوەی 5 هەفتەدا ئەنجام نەدرا، ئەوا تۆ لە دەستبەسەرکردن ئازاد دەکرێیت. هەرچۆنێک بێت، گواستنەوەکەت هێشتا **لە ماوەی 6 مانگ** لە ڕێکەوتی قبوڵکردنی داواکارییەکەت لەلایەن ئەو وڵاتەی (EU+) کە لە پشکنینی داوانامەکەت بەرپرسیارە ڕێکدەخرێت.

ئەگەر تۆ بەهۆی ئەنجامدانی تاوانێکەوە لە زینداندا بیت، سنووری کاتی بۆ گواستنەوەکە **دەکرێ تاکو ئەوپەڕی 1 ساڵ درێژ بکرێتەوە**.




**گرنگ!** ئەگەر تۆ ڕابکەیت، خۆت بشاریتەوە یان لەگەڵ دامودەزگاکان هاوکار نەبیت، **ئەوا سنووری کاتی بۆ گواستنەوەکە دەکرێ تاکو ئەوپەڕی 3 ساڵ درێژ بکرێتەوە**.

## ئەی چی دەبێت ئەگەر تۆ پێشتر داواکاریت بۆ پارێزبەندیی نێودەوڵەتی لە وڵاتێکی تری یەکێتیی ئەوروپا و هاوپەیوەستەکانی پێشکەش کردبێت؟

تۆ ڕێگەت پێدەدرێت کە تەنها لە یەک وڵاتی یەکێتیی ئەوروپا و هاوپەیوەستەکانی داواکاریی بۆ پارێزبەندیی نێودەوڵەتی پێشکەش بکەیت. ئەگەر تۆ پێشتر دواکاریت بۆ پارێزبەندیی نێودەوڵەتی لە وڵاتێکی تری یەکێتیی ئەوروپا و هاوپەیوەستەکانی پێشکەش کردبێت، ئەوا تۆ بۆ ئەو وڵاتەی یەکێتیی ئەوروپا و هاوپەیوەستەکانی دەگەڕێندرێیتەوە کە بەرپرسە لە پشکنینی داوانامەکەت.

ئەگەر زانیاری هەبێت بۆ نیشاندانی ئەوەی وڵاتێکی تری یەکێتیی ئەوروپا و هاوپەیوەستەکانی لە پشکنینی داوانامەکەت بەرپرسن، ئەوا ئاگادارینامەیەک بۆ ئەو وڵاتە دەنێردرێت. ئەگەر ئەو وڵاتەی یەکێتیی ئەوروپا و هاوپەیوەستەکانی ئەوەی پشتڕاست کردەوە کە داوانامەکەت دەپشکنێت، ئەوا تۆ **بڕیاری گواستنەوە** وەردەگریت کە باسی ئەو وڵاتەی یەکێتیی ئەوروپا و هاوپەیوەستەکانی دەکات کە تۆ بۆی دەگوازرێیتەوە.

ئەگەر ئەمە یەکەم جارت نییە کە داواکاریت بۆ پارێزبەندیی نێودەوڵەتی پێشکەش کردووە، یان ئەگەر پێشتر بڕیار لەسەر ئەوە دراوە کە وڵاتێکی تری (EU+) لە پشکنینی داوانامەکەت بەرپرسیارە، ئەوا دامودەزگاکان ڕەنگە چاوپێکەوتنی کەسیت لەگەڵ ئەنجام نەدەن.

هەرچۆنێک بێت، تۆ دەرفەتی ئەوەت دەبێت کە ڕوونی بکەیتەوە ئاخۆ بۆچی تۆ نابێت بۆ ئەو وڵاتە بگوازرێیتەوە یان بۆچی دەبێت ڕێگەت پێبدرێت لەم وڵاتە بمێنیتەوە.

تکایە بۆ ئەم مەبەستە ئەو **پرسیارنامە**یەی پێدراویت پڕ بکەرەوە و بە وردی و بە ڕاستگۆیی وەڵامی پرسیارەکان بدەرەوە.

## که بڕیارەکە درا چی ڕوودەدات؟

ئەگەر تۆ بڕیاری گواستنەوەت پێبگات بۆ ئەوەی بۆ وڵاتێکی تری یەکێتیی ئەورووپا و هاوپەیوەستەکانی بگوازرێیتەوە، هەندێک لە مافەکانت هەڵدەوەشێنەوە، بۆ نموونە:

- گەلێک **خزمەتگوزاری و جۆری پاڵپشتی وەرناگریت**
- تۆ **ڕێگەت پێنادرێت کار بکەیت** یان **بەشداری خولەکان بکەیت**.



گواستنەوەکە دەبێت لە ماوەی 6 مانگ لەو ڕێکەوتەوە جێبەجێ بکرێت کە وڵاتەکەی یەکێتیی ئەورووپا و هاوپەیوەستەکانی دووپاتی کردەوە یان پەسندی کرد کە داوانامەکەت بپشکنێت.

ئەگەر تۆ دەستبەسەر بیت، ئەوا دۆسیەکەت بەپەلە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. گواستنەوەی تۆ دەبێت لە ماوەی 5 هەفتەدا ڕێکبخرێت. ئەگەر گواستنەوەکە لە ماوەی 5 هەفتەدا ئەنجام نەدرا، ئەوا تۆ لە دەستبەسەرکردن ئازاد دەکرێیت.

گواستنەوەکەت هێشتا لە ماوەی 6 مانگ لەو ڕێکەوتەوە جێبەجێ دەکرێت کە وڵاتەکەی یەکێتیی ئەورووپا و هاوپەیوەستەکانی دووپاتی کردەوە یان پەسندی کرد کە داوانامەکەت بپشکنێت.

ئەگەر تۆ بەهۆی ئەنجامدانی تاوانێکەوە لە زینداندا بیت، سنووری کاتی بۆ گواستنەوەکە دەکرێ تاکو ئەوپەڕی 1 ساڵ درێژ بکرێتەوە.

**گرنگ!** ئەگەر تۆ ڕابکەیت، خۆت بشاریتەوە یان لەگەڵ دامودەزگاکان هاوکار نەبیت، **ئەوا سنووری کاتی بۆ گواستنەوەکە دەکرێ تاکو ئەوپەڕی 3 ساڵ درێژ بکرێتەوە.**

## چی ڕوودەدات ئەگەر تۆ بە بڕیاری گواستنەوەکە ڕازی نەبیت؟



ئەگەر بڕیار لەسەر ئەوە درا کە وڵاتێکی تری یەکێتیی ئەوروپا و هاوپەیوەستەکانی لە پشکنینی داوانامەکەت بەرپرسە، ئەوا تۆ **بڕیاری گواستنەوە** وەردەگریت. ئەم بڕیارە ئەوەت پێڕادەگەیەنێت کە تۆ بۆ کام وڵات دەگوازرێیتەوە.

ئەگەر بە بڕیاری گواستنەوەکە ڕازی نەبیت، ئەوا دەتوانیت هۆکارەکانت بۆ دادگا باس بکەیت. ئەمە پێی دەوترێت پێشکەشکردنی تانە. کاتێک تۆ تانە لە بڕیارێک دەدەیت، ئەوا دادگا یان دەستەی دادوەری بڕیاری کۆتای لەسەر دەدەن.

تەنها سێ هۆکار هەیە بۆ تانەدان لە بڕیاری گواستنەوە:

- تۆ بانگەشەی ئەوە دەکەیت کە ئەمە دژی مافی مرۆڤی تۆیە کە بۆ ئەو وڵاتە دیاریکراوەی (EU+) بگوازرێیتەوە
- زانیاریی نوێ هەیە کە لە کاتی بڕیاری گواستنەوە بەردەست نەبووە و دەکرا کاریگەری لەسەر ئەو بڕیارە هەبێت
- تۆ لە وڵاتێکی تری (EU+) خێزانت هەیە کە دەبێت لەبری ئەوە لەگەڵ ئەوان یەک بگریتەوە.



ئەگەر توانای داراییِ ئەوەت نییە پارێزەر یان ڕاوێژکاری یاسایی بۆ خۆت بگریت، دەتوانیت داوای زانیاریی یاسایی بێبەرامبەر بکەیت کە یارمەتیت دەدات لە کاتی پێشکەشکردنی تانەی یاساییدا.

تۆ لەلایەن وەرگێڕێکەوە پاڵپشتی دەکرێیت کە بە زمانێک قسە دەکات کە تۆ بەدرێژایی پرۆسەکە لێی تێدەگەیت.

## ئەوەی پێویستە بیزانیت لەبارەی تانەدان کە تانەدانەکانی کاریگەری هەڵپەسێنەر و بابەتی بەیەکەوە بن

وادە، شوێن و شێوازی پێشکەشکردنی تانەی یاسایی (داواکارییە یاساییە ڕێپێدراوەکان: داواکاریی خێرا و داواکاریی بنەڕەتی) لە ناو ئەو بڕیاری گواستنەوەیەدا ڕوون کراوەتەوە کە بۆت نێردراوە.

پێویستە هۆکار یان هۆکارەکان دیاری بکەیت کە بۆچی لەگەڵ بڕیاری گواستنەوەت بۆ وڵاتێکی تری EU+ ڕازی نیت. هەروەها پێویستە ئەو هۆکار یان هۆکارانە ئاماژە پێ بدەیت کە بۆچی نابێت لە کاتی بەڕێوەچوونی پرۆسەی تانەدانەکەتدا، بگوازرێیتەوە بۆ ئەو وڵاتەی یەکێتی ئەوروپا کە بەرپرسە لە لێکۆڵینەوە لە داواکارییەکەت.

دادگا سەرەتا لە ماوەی **مانگێک**دا بڕیار دەدات ئایا دەتوانیت لەم وڵاتەدا چاوەڕێی ئەنجامی کۆتایی ڕێکاری تانەدانەکە بکەیت یان نا. ئەگەر دادگا وەڵامی ئەرێنی بوو، ئەوا بڕیار دەدات سکاڵاکەت دژی بڕیاری گواستنەوەکە "کاریگەریی ڕاگرتنی کاتی" هەبێت. ئەگەر دادگا بڕیاری دا کە ناتوانیت چاوەڕێی ئەنجامی تانەدانەکە بکەیت، ئەوا لە کاتێکدا کە تانەدانەکەت هێشتا لە ژێر لێکۆڵینەوەدایە، دەگوازرێیتەوە بۆ ئەو وڵاتەی کە بەرپرسە لە داواکارییەکەت.

ئەگەر دادگا بڕیاری دا کە دەتوانیت لەم وڵاتەدا بمێنیتەوە تا ئەو کاتەی تانە یاساییەکەت لە ژێر لێکۆڵینەوەدایە، ئەوا دادگا هەوڵ دەدات لە ماوەی مانگێکدا لە مێژووی بڕیاردان لەسەر کاریگەریی ڕاگرتنەکە، بڕیاری کۆتایی لەسەر سکاڵاکە بدات.

ئەگەر سکاڵاکەت وەرنەگیرا و هیچ یەک لە ڕێکارە یاساییەکانیش سەرکەوتوو نەبوون، ئەوا دەگوازرێیتەوە بۆ ئەو وڵاتەی EU+ کە بەرپرسە لە لێکۆڵینەوە لە داواکارییەکەت. پێویستە گواستنەوەکە لە ماوەی شەش مانگدا لەو مێژووەوە ئەنجام بدرێت کە دادگا بڕیاری کۆتایی تێدا داوە.

ئەگەر دەستبەسەریت یان لە داهاتوودا دەستبەسەر بکرێیت، کەیسەکەت بە پەلە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. پێویستە گواستنەوەکەت لە ماوەی پێنج هەفتەدا ڕێک بخرێت. ئەگەر گواستنەوەکە لە ماوەی پێنج هەفتەدا ئەنجام نەدرا، ئەوا دەستبەسەرکردنەکە کۆتایی پێ دێت. گواستنەوەکەت هەر دەبێت لە ماوەی شەش مانگدا ئەنجام بدرێت لەو مێژووەوە کە ئەو وڵاتەی بەرپرسە لە داواکارییەکەت، ڕەزامەندیی لەسەر داواکارییەکە داوە یان ئاگاداریی وەرگرتنەوەی دووبارەی پشتڕاست کردووەتەوە.

**ئاگاداری!** پێویستە هاوکاریی فەرمانگەکان بکەیت و گەشت بکەیت بۆ ئەو وڵاتەی EU+ کە بەرپرسە لە لێکۆڵینەوە لە داواکارییەکەت.

## چ داتایەکی کەسی کۆ دەکرێتەوە؟



بەرپرسانی ئەو وڵاتەی (+EU) کە تۆ تێیدا دەمێنیتەوە زانیاریی تایبەت کۆ دەکەنەوە، لەوانەش ئەمانەی خوارەوە:

- وردەکاریی کەسیی تۆ و ئەو ئەندامانەی خێزانەکەت کە لەگەڵ تۆ گەشت دەکەن (ناو، ڕەگەزنامە، ڕێکەوت و شوێنی لەدایکبوون). ئەگەر تۆ پێشتر ناو و وردەکاریی جیاوازت بەکارهێناوە، ئەوا ئەوان پرسیارت لێدەکەن لەبارەی ئەوەوە.
- زانیاری لەبارەی پێناس و بەڵگەنامەکانی گەشت.
- هەر زانیارییەکی تر کە بتوانێت ناسنامەی تۆ پشتڕاست بکاتەوە، وەکوو پەنجەمۆرەکانت.
- وردەکارییەکان لەبارەی هەر ئەندامێکی خێزان کە لە وڵاتێکی تری (+EU)دا دەژیت، وەکوو وردەکاریی کەسیی ئەوان، کۆتا جار کە پەیوەندیتان بەیەکەوە هەبوو، شوێن و دۆخی یاسایی ئەوان.
- وردەکارییەکان لەبارەی هەر بەڵگەنامەیەک کە تۆ لاتە و ڕێگەیان بە تۆ داوە کە لە وڵاتێکی (+EU) بژیت ئەگەر ئەمە بۆ دۆسیەکەی تۆ دەبێت.
- زانیاری لەسەر هەر بەڵگەنامەیەک کە نیشانی بدات کە تۆ ماوەی زیاتر لە ساڵێک لە وڵاتێکی (+EU) خوێندووتە.
- زانیاری لەبارەی ئەوەی بە کام وڵاتانەدا گەشتت کردووە بۆ گەیشتنت بەم وڵاتە.
- هەلومەرجە کەسییەکانت.
- ڕێکەوتی هەر داوانامەیەکی پێشوو بۆ پارێزبەندیی نێودەوڵەتی و دەرەنجامی ئەو داوانامانە.

## مافەکانت سەبارەت بە زانیارییە کەسییەکانت چین؟

مافی دەستگەیشتنت بە هەموو ئەو زانیاریيانە هەیە کە پێشکەشی فەرمانگەکانت کردوون.

ئەگەر پێت وایە زانیارییە کەسییەکانت نادروستن یان بە شێوەیەکی نایاسایی مامەڵەیان پێوە کراوە، دەتوانیت داوای بینینی زانیارییە کەسییەکانت بکەیت لە ڕێگەی پەیوەندیکردن بەو لایەنەی بەرپرسە لە مامەڵەکردن بە زانیارییەکان، هەروەها دەتوانیت داوای ڕاستکردنەوەی زانیارییە هەڵەکان یان سڕینەوەی ئەو زانیاریيانە بکەیت کە بە نایاسایی مامەڵەیان پێوە کراوە.

دەتوانیت بە بەکارهێنانی ئەم زانیاریيانەی خوارەوە پەیوەندی بەو لایەنەوە بکەیت کە لەم وڵاتەدا بەرپرسە لە مامەڵەکردن بە زانیارییەکان:

*Bundesamt für Migration und Flüchtlinge*
*Referat LS3*
*Frankenstraße 210, 90461 Nürnberg*

*تەلەفۆن: 0-943 911 49+*
*ئیمەیڵ: poststelle@bamf.bund.de*

*هەروەها بەپێی ماددەی 77 و ماددەی 13، بڕگەی 2، پیتی d) لە ڕێسای گشتیی پاراستنی داتاکان (DSGVO)، مافی سکاڵاکردنت هەیە لە لای فەرمانگەی چاودێریی پاراستنی داتاکان:*

*Bundesbeauftragter für den Datenschutz und die Informationsfreiheit*
*Husarenstr. 30, 53117 Bonn*

## تێبینەکانی من

ئەم برۆشەرە تەنها بۆ مەبەستی زانیارییە. خۆی لە خۆیدا هیچ ماف یان بەرپرسیارێتییەک نابەخشێت. ئاژانسی یەکێتیی ئەورووپا بۆ پەنابەری (EUAA) ناوەڕۆکی سەرەکیی ئەم نووسراوەی دابین کردووە، و بەرهەمهێنانەوە یان دەستکاریکردنی ئەم برۆشەرە لەلایەن EUAA تەنها بۆ وڵاتانی ئەندامی یەکێتیی ئەورووپا ڕێپێدراوە. EUAA هیچ بەرپرسیارێتییەک یان گرتنەئەستۆیەک ناگرێتە ئەستۆ پەیوەست بە وردێتی، ناوەڕۆک، تەواوێتی، یاسایی بوون یان جێمتمانەیی ئەو زانیارییەی کە لەلایەن وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا یان هەر لایەنێکی سێیەمی بەرپرسی تر خراوەتە ناو ئەم برۆشەرەوە. نە EUAA هیچ کەسێک کە لە جیاتی EUAA لێپرسراونییە لە بەکارهێنانی ئەو زانیاریانەی لەمناملیکەیەدا دەیدۆزیتەوە.

© ئاژانسی یەکێتیی ئەورووپا بۆ پەنابەری، 2025